# حکوومەتی سوودانی: دوو پێشهاتی گەورە و کۆمەڵێك ئەگەر و سیناریۆ

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

کابینەی محەمەد شیاع سوودانی کە حکوومەتی چوارچێوەی شیعییە، مانگێکی دی پێ دەنێتە کۆتا ساڵی تەمەنی دەستووریی خۆی، کەچی بە شێوەیەکی پێشوەختە و بەر لە گەیشتن بە ئۆکتۆبەری 2025 گیرۆدەی چەند دۆسیەیەکی هەستیار و ئاڵۆز بووە کە شەقامی سیاسی و میدیایی عێراقی بەگەرمی سەرقاڵ کردووە. دیارترین ئەو دۆسیانەیش سیخوڕیکردن بەسەر بەرپرسان و لێکەوتە و درێژکراوەکانی "دزیی سەدە"یە. بەپێی ئەو زانیارییانەی بەردەستن، ڕکابەرانی سوودانی لەوانەش مالیکی دەیانەوێت ئەمە بقۆزنەوە بۆ ناچارکردنی حکوومەت بە دەستلەکارکێشانەوە یان سازکردنی هەڵبژاردنی پێشوەختە. لە دوا دەرکەوتنیشیدا (8ی سێبتەمبەر) سەرۆکوەزیران بەرگری لە حکوومەتەکەی کرد و هێمای بۆ ئەوە کرد، لە دەرەوەی هێزە شیعەکانیش بنکەی سیاسیی ئەو "هاوپەیمانی ئیدارەی دەوڵەت"ە کە هیی نوێنەرانی هەر سێ پێکهاتەکەی عێراقە. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر ئەو پەرەسەندنانە و، لێکەوتە گریمانکراوەکانی لەسەر دۆخی گشتیی عێراق تاوتوێ بکات.

### تۆڕی سیخوڕیکردن لەسەر مۆبایلی بەرپرسان

بەپێی زانیارییە ڕاگەیەنراوەکان بەم دواییانە تۆڕێکی تایبەت بە ئاسایشی ئەلیکترۆنی لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا دەستگیر کراون؛ هەندێك لەوانەیش پلەیان ئەفسەرە. تۆڕەکە گوێیان لە مۆبایلی بەرپرسان گرتووە و سیخوڕییان کردووە بەسەریانەوە؛ بەوەیش تۆمەتبارن کە لەپشتەوە سوپای ئەلیکترۆنییان هەیە بۆ هەراسانکردن و دزەپێکردنی زانیاریی تایبەت. لە پەنا ئەوەیشدا هەڕەشە لە کەسایەتییەکان دەکەن کە دەبێت ملکەچیان بن ئەگەرنا نهێنییەکانیان ئاشکرا دەکەن. سەرۆکی تۆڕەکەیش کەسێکە بە ناوی "محەمەد جوحی" کە جێگری بەڕێوەبەری کارگێڕیی ئۆفیسی سەرۆکوەزیران، محەمەد شیاع سوودانییە و سکرتێری تیمی حکوومەت و بەرپرسی پەیوەندیکردنە لەگەڵ پەرلەمانتاران[1].

ئەو زانیارییانەی لەناوەندی سیاسیدا بڵاوە، ئاماژە بەوە دەکەن، ئامانجی ئەم تۆڕە بە پلەی یەکەم، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری "فایەق زێدان" و ژمارەیەك بەرپرسی دیکەی باڵای شیعە بووە[2]؛ جگە لە زێدانیش ئەوانەی کراونەتە ئامانج لە سیخوڕییە ئەلیکترۆنییەکە، بریتین لە: نووری مالیکی و یاسر سخێلی زاوا و بریکارە بازرگانییەکەی، هادی عامری، موحسین مەندەلاوی، محەمەد حەلبووسی، حەیدەر عەبادی، هەروەها کۆمەڵێك کەسایەتیی سیاسی و ڕاوێژکار و بەرپرسی دیکەی ئەمنی[3]. ژمارەیەك لە ئەندامەکانی تۆڕەکەیش فەرمانبەری ئۆفیسی سوودانی و ئەفسەری دەزگەی هەواڵگریی عێراقن، لەوانەیش: عەبدولکەریم سوودانی، سکرتێری سەربازیی سەرۆکوەزیران، خالید یەعقووبی، ڕاوێژکاری ئەمنیی سوودانی، ئەحمەد سوودانی خزمی سەرۆکوەزیران و سەرۆکی دەزگەی هەواڵگری بەوەکالەت، لەگەڵ 11 کەسی تەکنیکی لە دەزگەی هەواڵگری کە سەر بە هۆبەی مۆنیتەرینگی هونەرین لە دەزگەی هەواڵگریی عێراقی، لەگەڵ

وێنەگرێکیش لە ئەنجومەنی وەزیران؛ سەرجەمیشیان توانا و ئامێرەکانی دەزگەی هەواڵگرییان لە کارەکەیان بەکار هێناوە[4]، بەتایبەت ئەپی تایبەت بە گوێگرتن کە لە بنەڕەتدا پێویستی بە فەرمانی دادگە هەیە. ئەوەیش بڵاوە، کە ئاشکرابوونی تۆڕەکە بەهۆی هەڵەی تەکنیکیی یەکێك لە ئەندامەکانییەوە بووە.

دەنگدانەوەی ئەم هەواڵە کە لە هەندێك میدیا پێی دەگوترێت "سوودانی _ گێت" وەك ئاماژەیەك بۆ "ڕیسوایی واترگێت"ی ئەمریکا (1968) کە "ڕیچارد نیکسۆن"ی لە کورسیی سەرۆکایەتیی ئەمریکا داگرت، سەرۆکوەزیرانی عێراقی بەچڕی خستۆتە خانەی تۆمەتبارکردن و، لەگەڵ بنکە سیاسییەکەی کە هێزە شیعەکانن تووشی کێشەی کردووە. ئەگەری ئەوەیش هەیە لێکەوتەی ئەمە درێژ ببێتەوە بۆ ئەو وڵاتانەی کە پشتیوانی و هاوکاریی دەزگەی هەواڵگری دەکەن وەك دامەزراوەیەکی ئەمنیی عێراقی، لەپێش هەموویانەوە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ چونکە "مایکل نایتس" کە توێژەرێکی دێرینی "پەیمانگەی واشنتۆن"ە، لە وتارێکدا باسی لەوە کردووە کە، ئەوەی ئاشکرا بووە "تەقینەوەی گەندەڵی سیاسییە لە باشترین دەزگەی هەواڵگریی عێراقیدا کە لە نووسینگەی سەرۆکوەزیرانەوە ئاراستەکراوە". ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە پێشهاتەکە ئەوە دەخوازێت ئەمریکا پرۆسەی زانیاریگۆڕینەوەی خۆی لەگەڵ دەزگەی هەواڵگری هەموار بکاتەوە؛ ئەگەریش ئەوە سەلمێنرا کە سوودانی ئاگادار بووە یان لەگەڵ بزووتنەوەی عەسائیب کە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە، هەماهەنگیی هەبووە بۆ سیخوڕییەکە، ئەوە "پێویستە ئەمریکا هەڵوێستی خۆی لە سوودانی بگۆڕێت[5]."

بەپێچەوانەی ئەمەیشەوە بزووتنەوەی عەسائیب لە ئێستادا هەڵمەتێکی میدیایی لە دژی نووسینگەی سەرۆکوەزیران بەڕێوە دەبەن و پەرلەمانتارێکی ئەم حزبە (عەلی جەمالی) لە میدیای فەرمیی عەسائیبەوە باسی لەوە کردووە، گوێگرتن لە مۆبایلی بەرپرسان مەرجەعە ئایینییەکان و باڵیۆزخانەی ئێرانیشی گرتووەتەوە. ناوبراوجەختی لەوەیش کردووەتەوە سیخوڕییەکە لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە ئاراستە کراوە و درۆنیشی تێدا بەکار هاتووە[6]. بەپێی ئاماژەکانی میدیای عەسائیبیش بێت، ئەمینداری حزبەکە (قەیس خەزعەلی) نیگەران و قەڵسە لە سوودانی، چونکە پێیان وایە ئەوان ڕێگەیان خۆش کردووە ببێتە سەرۆکوەزیران، کەچی ئێستا تیمەکانی، سیخوڕییان بەسەرەوە دەکەن!

لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەمیشدا باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق "ئێلینا ڕۆمانۆڤسکی" جگە لە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، چاوی بە ژمارەیەك لە سەرکردەکانی چوارچێوەی شیعی کەوت (حەکیم و مالیکی و عەبادی)[7]. یەکانگیربوونی وادەی دیدارەکانیش لەگەڵ ئەم قەیرانە، دەشێت ئەوەی لێ بخوێنرێتەوە، بۆ تاوتوێکردنی ئەم دۆسیەیە و لێکەوتەکانی ئاشکرابوونی دۆسیەی تری گەورەی گەندەڵی بێت.

دەزگەی هەواڵگریی عێراق کە لە بازنەی تۆمەتبارکردندایە، لە بەیاننامەیەکدا پاکانە بۆ خۆی دەکات و هەڕەشەی پەنابردنە بەر تۆمارکردنی سکاڵای کردووە[8].  لای خۆیشییەوە "محەمەد شیاع سوودانی" لە کۆبوونەوەی سەرکردەکانی "چوارچێوەی شیعی"دا "چووەتە ژێر باری لێپرسینەوە لە هەر کەسێک کە "بسەلمێنرێت کەمتەرخەم بووە[9]." بەڵام هیچ لەمانە ئەو ڕاستییە ناگۆڕن کە ئەم دۆسیەیە کاریگەریی زۆری لەسەر پێشڕەویی سوودانی و حکوومەتەکەی داناوە بە بەڵگەی تۆنی توندی بەیاننامەکانی حکوومەت و حزبەکەی سوودانی (تیار الفراتین) کە میدیاکان بە گەورەکردنی دۆسیەکە تۆمەتبار دەکەن؛ هەروەها هەندێك زانیاریی تایبەتیش باس لەوە دەکەن کێشە و بێنەوبەرۆی زۆر ڕووی داوە لە ڕادەستکردنی تۆمەتباری سەرەکیی دۆسیەی تۆڕی گوێگرتنەکە (محەمەد جوحی) لەلایەن ئۆفیسی سوودانییەوە[10].

هەندێك لە ڕاوێژكارەكان نایشارنەوە كە "گرووپێك لە فەرمانبەرانی سەرۆكوەزیران، دەشێت گرووپێكی گوشاریان دروست كردبێت و ئەگەری ئەوەیش هەیە زیادەڕۆیی ڕووی دابێت، بەڵام بەبێ ئاگاداریی سەرەوە[11]." هەر ئەمەیش بەسە ببێتە چەكێك بەدەست ڕكابەرەكانی سوودانییەوە بۆ قۆناغی داهاتوو، بەتایبەت كە گرووپەكە لەناو لووتكەی هەڕەمی دەوڵەت و لە ئۆفیسی سەرۆكوەزیران و فەرماندەی گشتیی هێزە چەكدارەكاندان.

**هەراوزەنای سەرۆكی دەستپاكیی عێراق لە هەولێر**

هاوكات لەگەڵ پەرەسەندنی دۆسیەی "سیخوڕیكردن"، ڕۆژی 4ی سێپتەمبەر سەرۆكی دەستەی دەستپاكیی عێراق، حەیدەر حەنون، لە شاری هەولێر و لە سەروبەندی كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا لەگەڵ دەستەی دەستپاكیی هەرێم، كۆمەڵێك بۆمبی میدیایی تەقاندەوە؛ بەشێك لەوانەیش درێژكراوەی ئەوەیە كە پێی دەگوترێت "دزیی سەدە" و بردنی 3.7 ترلیۆن دینار (2.5 ملیار دۆلار) پارەی سپاردەی باجی كۆمپانیا بیانییەكان. حەنون بەتووڕەیی و هەڵچوونی زۆرەوە باسی لەوە كرد، هەڕەشەی لەسەرە و كۆمەڵێك كەیسیشی ئاشكرا كرد لەوانە:

_ نوور زوهێر كە تۆمەتباری سەرەكیی "دزیی سەدە"یە، 114 چەكی بانكیی تەزویر كردووە؛ لە ڕێگەی هەر چەكێكیشەوە بڕێك پارەی "سپاردەكانی باج"ی لا داوە بۆ خۆی. دەبوو لە لێكۆڵینەوەكاندا 114 ماددەی یاسایی بۆ بكرێتەوە، كەچی لە دادگەی دەستپاكی، تەنیا یەك تۆمەتی ئاراستە كراوە؛ ئەو 113 دۆسیەكەی تری لەلایەن دادوەری دەستپاكییەوە كە ناوی "زیا جەعفەر"ە، فەرامۆش كراوە! سەرۆكی دەستەی دەستپاكی لە كاتێكدا كە تووڕەیی لێ دەباری، ئەوەیشی دركاند كە لە سەردەمی حكوومەتی كازمیدا ئەندامانی ئەنجومەنی دادوەری و دادگەی فیدراڵی هەر یەك 600 مەتر زەوییان وەرگرتووە؛ ئامانج لەمەیش "بۆ كڕینی پاڵپشتییان" بووە.

_ نوور زوهێر 724 دۆنم زەویی لە شەتولعەرەب بردووە كە موڵكی وەزارەتی داراییی و بەهایەكی بەرزیان هەیە. ئەم زەوییانە بە ناوی خوازراوەوە تۆمار كراون، پاشان كراون بە موڵكی زوهێر (دۆسیەی 2175/ ق/ 1/ 2023). سەرباری دەرچوونی فەرمانی گرتنیشی، كەچی ناوبراو لە بەسرەوە براوە بۆ بەغدا، لەوێیشەوە بزر بووە! ئێستایش لە دوبەی و لوبنان دەردەكەوێت و لە دەرەوەی عێراق دەژی.

_ لە دۆسیەی ژمارە 1293 ی دەستپاكییشدا "نوور زوهێر" تۆمەتباری یەكەمە لە بردنی سپاردەكانی باج، كەچی چاوپۆشیی لێ كراوە. زیاتر لە 30 تۆمەتباری ئەو دۆسیەیە هەن، كەچی چارەنووسی دۆسیەكان نادیارن و نازانرێت بۆ دادگەیی ناكرێن؟!

_ گرێبەستێك لەگەڵ نوور زوهێر كراوە بۆ ڕاكێشانی هێڵی ئاسن لە عێراق بایی 18 ملیار دۆلارە. ئەوەی گرێبەستی كردووە لەگەڵی، بەڕێوەبەرێكی گشتییە. دەستەی دەستپاكی، ئەمەی ڕەوانەی دادگە كردووە، بەڵام لەوێش بێدەنگیی لێ كراوە[12].

لە وەڵامی ئەم دۆسیە ئاشكراكردنانەی حەنون و كۆنگرە ڕۆژنامەوانییەكەیدا كە دیارە بە مەبەست دەرەوەی بەغدای هەڵبژارد بۆ سازكردنی (هەولێر)، ڕاوێژكاری سیاسیی سەرۆكوەزیران، "فادی شەممەری"، دانی بەوەدا نا "هەرچەندە نوور زوهێر لە دۆسیەیەكی گەورەدا تۆمەتبارە، بەڵام هێشتا بەئازادی و بە ناوی

کۆمپانیا و ناونیشانی جیاوازەوە بەردەوامە لە کارکردن." لەبارەی گەندەڵییەکانی پرۆژەی هێڵی ئاسنیشەوە ڕاوێژکارەکەی سوودانی باسی لەوە کرد، ئەوە دەرفەتێکی وەبەرهێنانە بۆ گۆڕینی هێڵی ئاسنی ئێستای عێراق بۆ شەمەندەفەری خێرا. سەرۆکوەزیران لە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردووەوە (2023) هەنگاوی ناوە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە؛ لە مانگی تەمموزی ڕابردوویشدا فەرمانی داوە بەتەواوەتی پرۆژەکە ڕابگیرێت و، بەڕێوەبەری کۆمپانیای شەمەندەفەرەکەیش ڕەوانەی دادگەی دەستپاکی کراوە[13].

بەپێی لێدوانی بەرپرسانی نزیك لە سوودانی، ناوبراو هەوڵی داوە سەرۆکی دەستپاکی پەشیمان بکاتەوە لە کۆنگرەکەی و، ڕازی نەبووە لەسەر دەرکەوتنی، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە[14]. ئەوانەیشی لەگەڵ سەرۆکوەزیران کار دەکەن، جەخت لەوە دەکەنەوە "کارەکەی حەنون هەڵەیە و سوودانی پێی ڕازی نییە؛ نەدەبوو لە هەولێر کاری وا بکات[15]." بەڵام پەرلەمانتارێکی دیاری عەسائیب جەخت دەکاتەوە کۆنگرەکەی حەیدەر حەنون لە هەولێر بۆ پەردەپۆشکردنی دۆسیەی سیخوڕی و گوێگرتنە تەلەفۆنییەکە بووە؛ هەڵچوونەکانیش دروستکراو و بەرنامەبۆداڕێژراو و کاری هەندێك لە ڕاوێژکارانی سوودانییە بۆ شاردنەوەی دۆسیە هەستیارەکەی تۆڕە سیخوڕییەکەی ناو سەرۆکایەتیی وەزیران[16].

لە بەرامبەر ئەو گوشارانەیش کە لەسەر حکوومەتەکەی هەن، سوودانی لە وتارێکی تۆمارکراودا (8ی سێبتەمبەر) بە توڕەیی جەختی لەوە کردەوە ڕکابەرەکانی چەند شتێك بەکار دەهێنن لە بەرامبەری؛ تەشویش، خۆڵەچاوکردن، چەواشەکاری، تۆمەتبارکردن و چاوپۆشی لە گەندەڵی بەکار دەهێنن، هەوڵی دا پێش لایەنە شیعەکانیش بکەوێت بە داواکردنی هەموار لە کابینەکەی بێ ئەوەی بچێتە وردەکارییەوە و داوای لە پەرلەمانیش کرد، سەرۆکی خۆی هەڵبژێرێت.

**ئەگەر و پێشهات و سیناریۆ بەردەستەکان**

لە پاش گەورەبوون و دەنگدانەوەی هەردوو دۆسیەی "گوێگرتن لە پەیوەندییەکانی بەرپرسان"، ئاشکرابوونی چەند دۆسیەیەکی تری گەندەڵی، لەوانەیش 18 ملیار دۆلاری هێڵی شەمەندەفەر و تێوەگلانی سیستەمی دادوەری لە وەرگرتنی زەویی 600 مەتری، چەند ئەگەر و پێشهاتێك ڕووبەڕووی دۆخە سیاسییەکە بوونەتەوە کە دیاترینیان ئەمانەن:

**1_ هەرەسی سیستەمە سیاسییەکە:**

بەپێی هەندێك سەرچاوە، چوارچێوەی شیعی بەکردەیی ترسی ئەوەیان هەیە کەڵەکەبوونی ئەم دۆسیانە ببێتە هۆی هەرەسی سیستەمی سیاسیی عێراق[17]، بەتایبەت کە دەرکەوت جگە لە حکوومەت، دەسەڵاتی دادوەرییش چوونەتە بازنەی تۆمەتەوە بە چاوپۆشی لە گەندەڵکاران و وەرگرتنی زەویی گرانبایی. لە ئێستادا ئەم سیناریۆیە تا ڕاددەیەك بەدوور دەزانرێت چونکە سەرجەم لایەنە تۆمەتبار و پەیوەندیدارەکانی حوکمڕانی، ئەزموونیان هەیە لە گۆڕینەوەی بەرژەوەندی و بێدەنگیکردن لە یەکتر. ئەگەر بەر لەم قەیرانانەی ئێستایش نەگرن کە دووچاریان بووەتەوە، ئەوکات هێزی تری وەك موقتەدا سەدر و ڕەوتەکەی، هەوڵ دەدەن ببنە جێگرەوەی هێزە شیعەکانی ئێستا و هەوڵ دەدەن حوکمڕانییەکی تاکڕەو لە عێراق بەرپا بکەن.

**2_ مەرگی بنەماکانی دەوڵەتداری:**

بەهۆی گەورەیی و قورسیی دۆسیەکان و بێدەنگمانەوەی لایەنە پەیوەندیدارە سەرەکییەکانەوە، بۆچوونێك هەیە پێی وایە لەمە بەدوا قۆناغی "مەرگی دەوڵەت لە بەرژەوەندیی نا _ دەوڵەت" دەست پێ دەکات[18]. لەم قۆناغە گریمانکراوەدا دەستە و گرووپ و تاقمەکان، دەست بەسەر تواناکانی دەوڵەتدا دەگرن؛ بەهێزەکان لاوازەکان پەراوێز دەخەن و پێشڕەوییش بۆ ئەوانە دەبێت کە پێگە و چەك و پارەیان زیاترە. ئەم سیناریۆیەیش زیاتر لە ئەزموونی لیبیا و سووریا و لوبنان دەچێت و تێیدا دەوڵەت لە پرۆژەیەکی کۆکەرەوەی ناوەندییەوە، دەبێتە چەند جەمسەرێکی کاریگەری ڕکابەر کە دەوڵەت و بەڕێوەبردن لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی بەتاڵ دەکەنەوە. ئەم ئەگەرە بۆ تەقینەوەی جەماوەری یان قۆستنەوەی لەلایەن هێزی ڕکابەرەوە مەترسیدارە؛ لەمەیشدا چاوەکان و ئاماژەکان هەر لەسەر ڕەوتی سەدرن.

## 3_ گۆڕانی هاوکێشەی هێز لە نێوان سوودانی و مالیکی

دوو سەرەکیترین ڕکابەری نێو چوارچێوەی شیعیی ئیئتلافی دەوڵەتی یاسای نووری مالیکی و باڵە جیابووەوەکەی حزبی دەعوەن کە ڕەوتەکەی سوودانییە، چونکە هەردووکیان بنکەیان هاوبەشە و دەنگدەرەکانیان خەڵکی ناو دامەزراوەکانی دەوڵەتن. لەپاش کەڵەکەبوونی قەیرانەکانی ئەم دواییەیش عەسائیب لە سوودانی کەوتوونەتە تەقە و پشتیوانیی جارانی ناکەن و بگرە هەڵمەتیشی دەکەنە سەر. لە سایەی ئەم دۆخەیشدا ئەگەری زاڵ ئەوەیە، گرووپی مالیکی و ڕکابەرەکانی تری سوودانی ئەم دەرفەتانە بقۆزنەوە بۆ لاوازکردنی ناوبراو و سەپاندنی کۆتوبەندی زیاتر بەسەریدا، بەتایبەت پاش ئاشکرابوونی تێوەگلانی بەرپرسانی باڵای ئەمنی لە عەشیرەتی سوودانی لە دۆسیەی "گوێگرتنی مۆبایل". ئەمەیش بەڕوونی لە هەندێك لێدوانی بەرپرسانی هاوپەیمانییەکەی مالیکیدا ئاماژەی پێ کراوە کە حکوومەتی ئێستا شکستخواردووە[19]؛ هەمان شتیش لە گوتاری فەرمیی عەسائیبدا هەیە.

## 4_ ئاوابوونی خۆری سوودانی:

لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەستێرەگەشەی ئاسمانی سیاسی لە عێراق کەسایەتیی سەرۆکوەزیران و پرۆژە ئاواکارییەکانی بوو لە بەغدای پایتەخت (پرد و شاری نیشتەجێبوون و میترۆ و هتد)[20]، بەڵام لەپاش کەڵەکەبوونی قەیرانەکان و تەقینەوەی لە فەزای میدیاییدا، باوەڕی زاڵ ئەوەیە کە سوودانی باجی گەورەی قەیرانەکان بدات و لانی کەم بێبەش بێت لە ویلایەتی دووەم. لە ئێستایشدا چارەنووسی سوودانی پرسیاری سەرەکی و گەورەی قۆناغەکەیە، بەتایبەت پاش ئەوەی ئەوەیش ئاشکرا بووە کە جگە لە مالیکی، قەیس خەزعەلی، ئەمینداری بزووتنەوەی عەسائیب، دژایەتیی دەکات. هۆکاری ئەمەیش دۆسیەی سیخوڕیکردنەکەیە، چونکە عەسائیب پێیان وایە بە ئاگاداریی سوودانی خۆی بووە و درۆنی ئەمریکاش تێیدا بەشدار بووە[21]؛ بەڵام ڕاوێژکارەکانی سوودانی جەخت لەوە دەکەنەوە مەسەلەکە "خراپ لەیەکگەیشتنە و دەرەوێتەوە"[22]. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا هەندێك دۆسیەی تر هەن، دەکرێت ببنە هۆی لاوازکردنی سوودانی، لەوانەیش: دابەزینی نرخی نەوتی عێراق بۆ خوار 70 دۆلار/ بەرمیل؛ لە حاڵەتی بەردەوامیی ئەمەیشدا شارەزایانی ئابووری پێیان وایە لە ماوەی دوو مانگدا دواکەوتنی مووچەی بەدوادا دێت (مانگانە 7.5 ترلیۆن دیناری پێوستە) چونکە هەناردە کەم بووەتەوە بۆ ڕۆژانەی 3.3 ملیۆن بەرمیل و لە داهاتەکەیشی (9 ترلیۆن دینار) مووچە و کرێی کۆمپانیاکان و پارەی کۆبوونی خۆراك دابین دەکرێت و، ئەو بڕە پارەیە بەشی ئەمانە ناکات[23].

## 5_ گەڕانەوەی خۆپیشاندانەکانی تشرین

پێنجەم ساڵیادی خۆپیشاندانە جەماوەری و گەنجانەکانی تشرینی لەسەر دەرگەیە کە داوای گۆڕینی سیستەمی دەکرد و کوژراو و برینداری زۆری لێ کەوتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەمەیشدا هەندێك هۆشداری باس لەوە دەکەن سەرهەڵدانی "دووەم تشرین" لە 2024دا ئەگەری زۆرە؛ ئەمەیش دەدەنە پاڵ زانیاریی هەواڵگری و ڕاپۆرتی ئەمنی[24]. ئەوەیشی پشتیوانی ئەم ئەگەرەیە، دەرکەوتنی ئەم دۆسیانەی گەندەڵی و، هەروەها هەڕەشەی گەنجان و بێکارەکانی شاری بەسرەیە کە تشرین دووبارە دەکەنەوە[25].

لە چەند ڕۆژی ڕابردوویشدا خۆپیشاندانی دەرچووانی بەشە پزیشکییەکان لە نزیك ناوچەی سەوزی بەغدا، گرژی و بریندارببوون و پەلاماردانی تێ کەوت [26]؛ ئەمەیش لە تشرینی 2019 دەچوو. ئەوانەی باس لە سیناریۆی تشرینێکی تر دەکەن کە سیستەمی سیاسیی هێنایە لەرزە، باس لەوەیش دەکەن وڵاتانێك پشتیوانی لە خۆپیشاندەران دەکەن و لە ئێستاوە کۆمەکی پەیج و چالاکییەکانیان دەکەن[27]. نوێنەرانی کۆمەڵێك چالاکی مەدەنییش لای خۆیانەوە سەرقاڵی تاوتوێکردنی چۆنێتیی زیندووکردنەوەی ساڵیادەکەن کە دەشێت بە خۆپیشاندان و مانگرتن بێت[28]، بەڵام لایەنی حکوومی پێی وایە ئەم هۆشدارییانە زیاتر بۆ ترساندن و گەورەکردنی میدیاییە، ئەگەرنا هیچ مەترسییەکی گەڕانەوەی تشرین لە گۆڕێ نییە و زەمینەکەی لەبار نییە[29]. لە حاڵەتی گەڕانەوەی تشرینیشدا زەقترین یادەوەری جگە لە کوشتن و بڕین، کەوتنی حکوومەتی عەبدولمەهدی بوو لەژێر گوشاری خۆپیشاندەران و، ئەمەیش ئەگەرێکە لە بەردەم حکوومەتی سوودانی.

## 6_ کپکردنەوەی گرژییەکان بە شێوەی کاتی

ئەم سیناریۆیە کە زیاتر ڕێتێچووە، هێورکردنەوەی گرژییەکانی چەند هەفتەی ڕابردووە تا ئەو کاتەی شێوازی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری 2025 ڕوون دەبێتەوە ئەگەر هات و لەناو چوارچێوەی شیعی وادەکەی پێش نەخرێت. لەم دۆخی هێورکردنەوەیەدا ئەگەر سوودانی لەژێر باڵی چوارچێوەی شیعیدا بمێنێت و ڕازی بێت وەك ژمارەیەکی مامناوەند لە ڕیزی هێزە شیعەکاندا درێژە بە کاری سیاسی بدات و لە ئێستاوە لەسەر ویلایەتی دووەم پێداگر نەبێت، ئەو گوشار و هەڕەشانەی ئێستای لەسەر نامێنێت، بەڵام ئەگەر پشتئەستوور بە پێگە و دەستکەوتەکانی، بیەوێت ڕکابەریی مالیکی بکات یان عەسائیب لە دژی بەردەوام بن، ئەوکات دۆخی سیاسیی شیعی دەکەوێتە بەردەم کێبرکێ و ململانێیەکی نوێی توندەوە کە جەمسەرە سەرەکییەکانی، مالیکی و سوودانی لە لایەك و هێزە چەکدارەکانی شیعە لە لاکەی تر و سەدریش لە دەرەوەی ئەم بازنەیەوە دەبێت.

ئەوەیشی سیناریۆی هێورکردنەوەی کاتی بەهێزتر دەکات، هاتنەسەرخەتی زیاتر لە لایەنێکە بە ئاراستەی هێورکردنەوەی گرژی و پێکدادانەکانی ئەم دواییە، لەوانەیش: سەرۆکایەتیی کۆمار و سەرکردایەتیی باڵای چوارچێوەی شیعی و دەسەڵاتی دادوەری؛ ئەمەی کۆتایی (دادوەری) لە ڕێگەی بەیاننامەیەکەوە جەختی کردەوە لەوەی زۆر لەو شتانەی لەبارەی سیخوڕیکردنەکەوە دەگوترێن، زیاتر شرۆڤە و لێکدانەوەن و لە زانیاریی وردەوە سەرچاوە ناگرن[30].

لە چەند ڕۆژی ڕابرووشدا بەریەککەوتنە میدیاییەکان لەنێو ماڵی شیعیدا هێورتر بوونەتەوە و، باڵیۆزی ئێرانیش لە عێراق لە میدیا ناوخۆییەکاندا جەخت لە پاراستنی ئۆقرەیی دەکاتەوە و نەیشیشاردەوە ئەوان

تەنانەت هاوکار بوون بۆ ئەوەی گرووپە چەکدارەکانی عێراق و ئەمریکاش بچنە دۆخی ئاگربەست؛ ئەمەیش لە بەرژەوەندیی حکوومەتی سوودانییە لە سایەی جەنگی غەززەدا[31].

**کۆبەند**

سەرکردایەتی و ڕێبەرایەتیی حکوومی و سیاسیی سوودانی و مانەوەی بۆ خولی ئایندە، لە بەردەم تاقیکردنەوەی قورسدایە؛ کۆی کابینەکەیشی لە بەردەم ئالنگاری و ئەگەری جۆراوجۆردان. جیاواز لە هەڵکشانی بەرچاوی سەرۆکوەزیرانیش لە چەند مانگی ڕابردوودا لە دۆسیەکانی ئاوەکاری و بنیاتنان و سەردانی وڵاتان، شانسی بەرەو داکشانی بەرچاو چووە و قەیرانە گەورەکان خستوویانەتە بەردەم کۆمەڵێك ئەگەر و پێشهات کە هەندێکیان سەختن. جگە لە دۆسیە ئابووری‌بەرەکانی گەندەڵی و ئاڵۆزبوونی قەیرانەکانی سیخوڕیکردنیش، حکوومەت لەژێر هەڕەشەی پاشەکشەی نرخی نەوتدایە. سەرجەم ئەمانەیش لێکەوتەیان لەسەر نەخشەی سیاسیی قۆناغی داهاتووی عێراق دەبێت، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، کە ئێستا سەرچاوەی داهاتەکەی لە بەغدایە و خۆیشی لە دابەشبوون و کێبرکێی سەختی قۆناغی پێش هەڵبژاردندایە. بۆ تێگەیشتن و ئایندەبینیی قۆناغەکەیش، پێویستە لایەنە کوردییەکان شەڕی ناوخۆی هەڵبژاردن، سەرقاڵیان نەکات لە بەدواداچوون و چاودێریی بەردەوامی پەرەسەندنی ڕەوش لە بەغدا.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**


[1] https://bit.ly/4gugGLJ

[2] https://bit.ly/4gcMCE3

[3] https://bit.ly/3MBFCCZ

[4] https://bit.ly/3MBFCCZ

[5] https://bit.ly/3ZdIIVm

[6] https://bit.ly/3XkVwH1

[7] https://bit.ly/3XyuKvW

[8] https://inis.gov.iq/

[9] https://bit.ly/4efBhRW

[10] https://2u.pw/y7d3iwx4

[11] https://bit.ly/3AVpfyD

[12] https://bit.ly/3Zfv2sP

[13] https://bit.ly/4dRGu2h

[14] https://bit.ly/4gcaGa1

[15] https://bit.ly/3Tjcrsa

[16] https://bit.ly/47jDLMP

[17] https://bit.ly/3MB04UB

[18] https://bit.ly/3MDmZ1E

[19] https://bit.ly/3TkANlf

[20] پرِوانە: https://penus.krd/?p=3905

[21] https://bit.ly/47j2T6k

[22] https://bit.ly/4dURPia

[23] https://bit.ly/3MCKWGo

[24] https://bit.ly/4dQe7BN

[25] https://bit.ly/47gL3km

[26] https://bit.ly/4gi62HO

[27] https://bit.ly/4dQe7BN

[28] https://bit.ly/3Zh7wM5

[29] https://bit.ly/4dURPia

[30] https://bit.ly/3Tg6Ra7

[31] https://bit.ly/3ZbNgM3